# LIDA Stories

lidastories.net

## هاتن بۆ نەرویج


Aamiina
Julie Cornelia van Walsum
Dler Piran



This work is licensed under a Creative Commons Attribution 4.0 International License.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0


# هاتن بۆ نەرویج


Aamiina
Julie Cornelia van Walsum
Dler Piran


5

کوردی ckb

لە مانگی 12ی 2016 من و دوو براکەم هاتینە نەرویج. ئێمە جلوبەرگی هاوینەمان پۆشیبوو چونکە وامانزانی لە نەرویجیش گەرمایە و وەک لە سۆماڵ وایە. هەرچۆنێک بێت، کاتێک گەیشتینە فڕۆکەخانە، بەفر دەباری. ئێمە سەرمامان بوو و کەشەکەش تەزی بوو. لەگەڵ ئەوەی چەند جانتایەکمان هێنابوو، ئەوان تەنها جلی هاوینەمان تێدا بوو.

هەرچەندە سارد بوو، من دڵخۆش بووم ئەو کاتەی هاتینە نەرویج. لەکۆتاییدا دووبارە دایکم دەبینم، کە بۆ شەش ساڵ نەمبینیبوو. دایکم و دوو لە هاوڕێکانی پێشوازیان لێکردین. کاتێک بینیمان لە خۆشیان گریاین. بەرەو ئەو شارۆچکە بچووکە لێمانخوڕی کە دایکم لێی دەژیا.

ڕۆژەکانی سەرەتا لە شارۆچکەکەی دایکم زۆر سەیر بوون. سارد و بەفراوی بوو و شتی زۆر نەبووە بیبینین. شەقامەکان بەتەواوی خاڵی بوون. ئەو خەڵکە کەمەی کە بینیم سارد و ناحەز بوون. لە سۆماڵ لە هەموو شوێنێک خەڵکی لێبوو، بۆیە هەموو شتێک لێرە ناخۆش دیار بوو. دایکم و هاوڕێکانی هەندێک دیاریان بە ئێمە دا، ئەوجا ئێمەی برد بۆ کڕینی جلوبەرگی زستان.



ئەگەر لە سۆماڵ بمایەتمەوە، پێموایە تا ئێستا دەبوومە دایک. لەوانەیە تا ئێستا چەند منداڵم هەبووایە. ئەگەر لە سۆماڵ بوومایە، هەرگیز ئەو هەلانەم نەدەبوو کە ئێستا هەمە. هەست دەکەم بە بەختم کە لە نەرویج دەژیم.

دوای پشووەکانی سەری ساڵ پەیوەندیم بە خولێکی زمانی نەرویجی کرد لە سەنتەرێکی پەروەردەیی پێگەیشتووان. من بۆ دوو ساڵ لەوێ خوێندم بەر لە چوون بۆ قوتابخانەیەکی ئاسایی. ئێستا من لە کۆتا ساڵم دام، وە کۆمەڵێک هاوڕێی نوێم پەیدا کردووە. من زۆر کۆمەڵایەتیم و چێژ دەبینم لە ناسینی خەڵکی تر.



ساڵی داهاتوو دەست دەکەم بە قوتابخانەی ناوەندی لە بەشی گەشەپێدانی تەندروستی و گەنجان. دەمەوێ لە داهاتوودا ببم بە کارمەندی کۆمەڵایەتی گەنجان. کاتێک خوێندنەکەم تەواوکرد خەونم ئەوەیە کارێکی بەردەوامم دەستکەوێت. هەروەها دەشمەوێت فێری شۆفێری ببم و مۆڵەتی شۆفێری وەرگرم.

دوای قوتابخانە دەچمە ناوەندێک کە لەلایەن خۆبەخشانەوە بەڕێوەدەچێ کە لەوێ یارمەتی وەردەگرم بۆ ئەرکی ماڵەوەم. هەروەها پەیوەندیم بە خولێکی دروومانیشەوە کردووە لە ناوەندەکە.



لە سۆماڵ هەرگیز نەچووم بۆ قوتابخانە و هیچ خولێکم نەبینیوە جگە لە قوتابخانەی قورئانی. نەمدەزانی چۆن بخوێنمەوە یان بنووسم. ئێستا فێربووم چۆن بنووسم بە هەردوو زمانی سۆماڵی و نەرویجی، لەگەڵ چەندین بابەتی تر. بەبێ خوێندن هەستم دەکرد کە من هیچ کەسێک نیم. ئێستا هەست دەکەم کە زانیاریم هەیە و دڵخۆشم.